## شمشاڵ و ئەوین

سەرتان نەیەشێنم پێتان نەیەشێنم گوڵگوڵە و ڕەیحانەتان بۆ بوەشێنم

ڕۆژێ لە ڕۆژان کابرایە ئەبێ فرە دەوڵەمەن دەبێ و ماڵ و گەلە و ملکێکی فرەوفراوانی دەبێ. ئەم پیاوە چوار کچی ئەبی و کوڕی نابێ. لەبەرئەوەش دەگەڕا بە شوێن پیاوێکی فرز و گورج کە ببێتە شوانی ڕانەکەی، تا جارێ کابرایەکی دۆزییەوە و پێی گوت: "من کوڕم نییە بڕواتە لای ڕانەکەم و ئەگەر تۆ بتەوێ، ئەمە لای من بمێنەوە و شوانی ئەم پەزانی منە بکە. بۆ ئەوەش پارەیە باشت دەدەمێ و هەرکاتێ گەورەتر بووی، ئەوا یەکێ لە کچەکانی خۆشمت دەدەمێ."

کوڕەکە بڵێنی پێ دا و هەرڕۆژ گەلەکەی دەبرد بۆ لەوەڕاندن بۆ سەرچیا و ئێواران دەیهێنایەوە. ڕۆژێ لە ڕۆژان کە شوانەکە پەزەکانی بۆ لەوەڕاندن بۆ سەرچیا بردبوو، برێ چەتە و دز هاتن و کوڕەکەیان بەستەوە و ویستیان ڕانەکەش بدەنە بەر بیبەن.

"لەڕەای خوا دەسم مەبەستنەوە، ئاوەها من دەتوانم برێ شمشاڵتان بۆ بژەنم."، کوڕەکە لاڵیاوە.

"خۆ خراپیش نایەژێ. ئەو خۆ ناتوانێ ڕابکا. با دەستی بازبێ، بەشکەم هەندێکیش شمشاڵمان بۆ بژەنێ و کەیفمان خوەشتر بێ."، یەکێ لە دزەکان وتی.

ئەمجا دەستی شوانەکەیان باز کرد و ئەویش دەستی کر بە شمشاڵ وتن. جا شوانەکە لەوێوە بینی کە یەکێ لە کچەکانی ساحێوڕانەکە، بێژنێک واوە بانی سەری و خەریکە لە ماڵ دەچوواتە دەر. جا زانی کە ئەوە هەر ئەو کچەسەکە ئەو خوەشی گەرەکە و دڵدارێتی. جا بە شمشاڵەکەی وتی:"

هەی تەلوەسەرە، هەی بێژن سەرە چەپاوەکەی ماڵی باوکت دای لە کەلی خەیوەرە."

کچەکە کە دەنگی شمشاڵەکەی بیست، دەرجا لە وشە سرِی و ڕازدارەکانی تێگەیشت. ئەمجا ڕۆیشت بەرەو ماڵی باوکی و گوتی بە باوکی: "باوکە، باوکە، چەتە ڕانەکەمانی داوەتە بەر بەرەو کەلی خەیوەرو شوانەکەیچیان بەستووەسۆ."

"تۆ لەکوێوە دەزانی؟"، باوکی پرسی.

ئەمجا باوکی و خوشکەکانی پێ کەنین و بە گاڵتە پێیان گوت:"کورە تۆ عاشقی و خەیاڵت کردووە، ئەگینا لەکوێوە دەتهەوێ بزانی، کە شمشاڵ چی ئێژێ؟ ئەی هێمە بۆ هیچمان نەبیست؟"

کچەکەش وتی: "من دەزانم، ئەو بە شمشاڵەکەی بانگ و هاواری کرد. تکایە برۆن بووێ و بزانن ئەو یارمەتی دەوێ یا نە!"

باوکیشی جا بەڵێنی دا، سواری ئەسپەکەی بوو و بەرەو ئەوێ تاوی دا، گەیشتە ئەوێ، بینی کە چۆن چەتەکان ڕانەکەیان داوەتە بەر و شوانەکەیشیان بەستووتەوە. جا وە بیدەنگ گەڕایەوە و وتی بە کچەکەی: "ئەزانی تۆ ڕاسەکەی ڕۆڵە. دزەکان ڕانەکە و شوانەکەیان داوەتە بەر و خەریکن دەیبەن. تازە دێرە بۆ ئەوەی یارمەتی لە شوێنێک بهێنم و منیش بە تەنی لە دژی ئەم چەتانە هیچم لەدەس نایە. من نازانم چ بکەم جا، دەسەپاچە بووم."

کچەکەش گوتی: "من ئەزانم چ بکەی باوکە. هۆڕەکەی هەڵگرە، بیخە سەر ئەسپەکە و پڕی کە لە خۆڵەکەوە، جا کونێکی تێکە. دواجار بەروە چەم و کەلەکە ئەسپەکەت غار دە و دەنگە دەنگێکی فرە بکە و جارجاریش دەکە هۆڕەکەی، ئاوەها کە وەکوو تۆز و دووکەڵێ فرە ئەو نانوە بگرێ."

باوکەکەیش جا هەروا هۆڕەکەی پڕکر لە خوەڵەکەوە و خستیە بان ئەسپەکە و تاوی دا بەرەو دزەکان. کە نزیکیان بووەوە، چەنجار بەرەو ئاسمانگ فیشەکی تەقان و چەنجار لە هۆرەکەی دا، وەها کە تۆزێکی فرە کەوتە ئەوناوە. چەتەکان کە ئەمەیان بینی وتیان: "ڕاکەن، بەخوا بانی هەزار کەس خەریکن بەرەو خۆمان دێن، فریای خوەتان کەون." ئەمەیان گوت و ڕان و شوانیان بە جێ هێشت و ڕۆیشتن.

دواجار کابرا دەس و پێی شوانەکەی باز کرد و ئەوان دووکوڕی ڕانەکەیان بەرەو ماڵ بردۆ و جا گوتی بە شوانەکە : "تۆ بە شمشاڵەکەت ماڵ و ڕانەکەی منت نجات دا." و جا بە کچەکەیشی گوت : "تۆیش کچم، تۆ دەنگی شمشالەکەت بە درووستی بیست ، چونکێ کە تۆ دەتوانی دڵی شوانەکە بخوێنیتەوە. لەبەرئەوەش دەبێ بۆ ئێوە زەماوەندێ باش ساز بکەین." ئاوەها ئەو دوانە زەماوەندیان کرد و لە ملک و ماڵی باوکی کچەکە بەشدار بوون و بە بەختەوەری ژیان.

منیش هاتمۆ هێچم بۆ نەو.